**ئاسۆ بیارەیی**
2006-3-22 **سوێد**

# ڕەشبگیری لاوەکانی هەڵەبجە

ئەگەر ڕێزی سەروەری یاسایا لە باشووری کوردستان بگیرایە، نە پارتی دکتۆر کەمالی سەید قادری دەفڕاند و نە یەکێتیش دوای سووتاندی مۆنومێنتی شاری هەڵەبجە دەستی بە ڕشبگیری لاوانی دڵ ئەنفالکراو دەکرد، بەڵکو دەسەڵاتیان دەدایە یاسای هەرێم کە بەم کارە هەڵستێت.

ئەگەر یەکێک دەروونناسیش نەبێت، دەتوانێت ئەنجامی ووتەکەی عومەر فەتاح ، مەلا بەختیار و حەمەی حەمە سعید کە لەم ڕۆژانەی دواییدا بەبۆنەی سووتاندنی مۆنومێنتی هەڵەبجەی شەهیدەوە دایان، دەتوانێت بە ئاسانی دەستەبەر و ئاکاری هەڵچوونەکەیان شیکار بکات و بکۆڵێتەوە.
هەموو ئەو لایەنانەی کە کەوتنە پێش پاسدار و هەڵەبجەیان شەهید کرد، دەبوو بەوپەڕی ڕێزەوە داوای لێبوردن لە دانیشتوانی هەڵەبجەو هەورامان بکەن. ئاخر لە شۆڕشی ئەیلولیشدا، کە جێی شانازی پارتییە، عەبدول وەهاب ئەتروشی مولازم موحسنێک بووە بۆ تۆقاندن و لێدانی لاوەکانی هەورامان، تەنانەت وا دەگێڕنەوە کە ئەگەر یەکێک بەدڵی ئەو فەرەنجی لەبەر نەکردایە دارکاری دەکرد.
عومەر فەتاح، مەلا بەختیار و حەمەی حەمەسعید، هێندە بەگرژی دەئاخفتن دەنگی هەڕەشەیان دەگەیشتە شاخەکانی هەورامان، کێ دەزانێ, دوور نەبوو ئەگەر پێیان بکرایە جارێکی دی هەڵەبجە شەهید نەکەن.

سەرکردەی دیکتاتۆر، هەمیشە جەماوەری خۆی نزم سەیردەکات و سەریش دادەنوێنێت بۆ دوژمنانی گەلەکەی. ئەگەر سەرکردەکانی کورد و هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی، هەستی نەتەوایەتیان تیابوایە، ئەمڕۆش لاوەکانی کورد بە شانازییەوە مێژووی کوردستانیان دەپاراست. ئەگەر سەرانی کورد خاڵی سووری باشووری کوردستانیان نەپساندایە و چارەنووسی کەرکوک و شارەکانی تری کوردستانیان نەخستایەتە دەست عەرەبە بەعسییەکان، لاوانی هەڵەبجەش نە مۆنومێنتی هەڵەبجەیان دەسوتاند و نە هەستی ناشیۆنالیستیان دەپوکایەوە.

ئەگەر بارزانی سەرکردەیەکی دووربین بوایە و کەمێک گوێی لە سەرکردەکانی دەوروبەری خۆی بگرتایە، ساڵی **1975** جاڕی ئاشبەتاڵی نەدەدا و شۆڕشێکی **100** هەزار چەکداری بەرامبەر ڕژێمێکی لاوازی وەکو عێراق بەچەند ڕۆژێک نە دەتوانەوە.

ئەو لایەنانەی کە جێدەستیان نەخشە لە داستانی شەهیدکردنی شاری هەڵەبجە، دەبێ پێش ئەوەی لاوەکانی هەڵەبجە و هەورامان لە زیندان توونت بکەن، لە خۆیان و پارتییەکانیان بپرسن کێ بەرپرسی یەکەمە. یان بەڕیوەبەری مۆنومێنتەکەی شەهیدانی کیمابارانی شار دڵسۆزە کە کۆنە بەعسییە!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!

کورتەی هاوکێشەکە ئەوەیە، کە **15** ساڵە زیاتر بزوتنەوەی باشووری کوردستان و خەڵکی بێچارەی کورد، سووتاوی شەڕی ساردو گەرمی (ینک و پدک)ە، کە زۆر سورن بۆ بە بەعێراقی کردنەوەی باشووری کوردستان بەبێ ئەوەی گوێ لە میللەت بگرن. لاوی کورد و جەماوەر چۆن دڵیان بە نیشتمانەکەیان دەسووتێت، ئەگەر یەکگرتنەوەی خاکی عێراق ئاواتی سەرەکی پارتیەکەی مامە و کاکە بێت، ئەگەر خەمی گەورەی ئەوان بەهێزکردنەوەی داگیرکەران بێت.؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

**کورد ڕاستدەکات. کە جام پڕبوو لێیدەڕژێ..**